**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (١٩٩) لە ٢٠٢٣/٢/٨**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە حوکمی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٥) لە یاسای متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢) لە ٢٠٢٣/٢/٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و پەیڕەوەکە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**